بەخێربێن بۆ پێنجەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەربارەی

# یاسای ڕزگاربوانی ژنانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە (C4JR)، بە بەردەوامی هەواڵنامە دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش لە مانگی تەمووزی ٢٠٢٣ەوە بە هەرسێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی (کرمانجی و سۆرانی). ئامانج لەم هەواڵنامەیە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی دروست و نوێکراوەیە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی، لەگەڵ بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە جێبەجێکردنیدا بەشدارن، ئەمەش بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## دواین هەواڵەکان دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایانگەیاند کە بڕەپارەی قەرەبوو بۆ ١،٧٢٦ ڕزگاربووی دەستی داعش لەچوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا لە مانگی نیسان-دا خەرج کراوە. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لەو بارەیەوە لە پەڕەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک ببینن: https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514.

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی کۆمەڵێک سوود لەشێوەی قەرەبوودا لەخۆ دەگرێت، کە دەبەخشرێنە هەر کەسێک وەک ڕزگاربوو پەسەند کرابێت. قەرەبووەکانیش بریتین لە: ١) بڕەپارەی قەرەبووی مانگانە، ٢) خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە، ٣) گەڕانەوە بۆ سەر خوێندن، ٤) لەپێشبوونی ڕزگاربوو بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، ٥) یەکەیەکی نیشتەجێبوون یان پارچەیەک زەوی. بەڕێوەبەرایەتییەکە چالاکانە هەندێک هاوکاری وەک پارەی قەرەبووکردنەوە و ڕەوانەکردنی ڕزگاربووان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە پاڵپشتەکان بە مەبەستی پشتیوانیکردنی ڕزگاربووان لە ڕاهێنانەوەیاندا دابین کردووە، لە هەمان کاتدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە بەردەوامە لە لە دیاریکردنی پاڵپشتیی زیاتر تا لە داهاتوودا بەدەستیان بهێنێت.

**نوێکارییە گرنگەکان:**

- بەڕێوەبەرایەتییەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەستپێکردنی 'دەستپێشخەریی بەهێزکردن'ی ڕاگەیاند، کە ئامانج لێی ڕاهێنانکردنە بە سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی لە چەندین پیشەی هەمەچەشندا، لە ناویاندا: ١) دروستکردنی سابوون؛ ٢) دروستکردنی مۆم؛ ٣) وێنەکێشان لەسەر شووشە؛ ٤) چاککردنەوەی مۆبایل. بۆ پشتگیریکردنی ئەو پڕۆژانەی دەبنە سەرچاوەی داهات بۆ ڕزگاربووان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی قەرز بۆ بەشداربووان تەرخان دەکات. ئەو ڕزگاربووانەی ئارەزووی بەشداریکردن لەم خولانەدا دەکەن پێویستە ئەم زانیارییانەی خوارەوە ڕاستەوخۆ بۆ پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک بنێرن: ناوی سیانی، ئەو پڕۆژەیەی ئارەزوومەند هەڵیبژاردووە لەو چوار پڕۆژەیەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە، شوێنی مانەوەی ئێستای ئارەزوومەند و ژمارەی تەلەفۆن. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی پەڕەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک لە ڕێی ئەم بەستەرەوە بکەن: https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514.
- ڕۆژی ٢٩ی ئایار، تیروپشکێک لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی نەینەوا بۆ دابەشکردنی ٢٦٢ پارچە زەوی نیشتەجێبوون بەسەر سودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا ئەنجام درا؛ لەو ژمارەیە ٢٥٠ پارچەیان لە قەزای شنگال و ١٢ پارچەی نیشتەجێبوونیش لە قەزای تەلعەفەر بوون. دابەشکردنی زەویەکان لەلایەن لیژنەی دابەشکردنی زەوی بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری موڵک لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی نەینەوا ئەنجام درا و بە ئامادەبوونی پارێزگاری نەینەوا بەڕێز عەبدولقادر ئەلدەخیل؛ هەروەها بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان، خاتوو سەراب ئەلیاس؛ لەگەڵ بەڕێوەبەری شارەوانیەکانی نەینەوا، ئەندازیار ڕەعد ئەلحەدیدی و وەفدێکی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی پەڕەی فەرمی بەڕێوبەرایەتی شارەوانییەکانی پارێزگای نەینەوا لە فەیسبووک بکە لە ڕێگەی ئەم بەستەرەی خوارەوە: https://www.facebook.com/Municipalities.Nineveh.
- لە مانگی نیساندا، بەڕێوەبەرایەتییەکە دانیشتنێکی ڕاوێژکاری بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ئەنجام دا، کە تێیدا بەشداریی بە کەسوکاری قوربانییان و بێسەروشوێنان کرد. مەبەست لە ڕاوێژکارییەکە ئەوە بوو کۆمەڵێک بابەتی جۆراو جۆر بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لەوانە بەبەڵگەنامەکردنی کەسانی بێسەروشوێن و قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، ڕێکارەکانی قەرەبووکردنەوە و ئەو ئاستەنگانەی خێزانە زیانلێکەوتووەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە. لە میانی دانیشتنەکەدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە زانیاری لەبارەی هەوڵەکانی ئەو لیژنەیە خستە

ڕوو، کە ئەرکی دۆزینەوەی کەسانی ڕفێندراوی پێ سپێردراوە. بەڕێوەبەرایەتییەکە جەختی لە گرنگی پاراستنی هەماهەنگیی ورد لەگەڵ کەسوکاری قوربانیان و بێسەروشوێنان کردەوە. لە ئەنجامی گفتوگۆکەدا، گروپێک کە پێکهاتبوو لە ئەندامانی خێزانی قوربانییەکان ئەرکی بەشداریکردنی بەردەوامیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکەدا سەبارەت بە دەرئەنجامی کۆبوونەوەکە پێ سپێردرا.



بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ میوانداری ڕاوێژکارییەکیان لەگەڵ خێزانی قوربانییان و کەسانی بێسەروشوێندا کرد بۆ خستنەبەرباسی پرسە جیاوازەکان.

### هاوکاریکردن بۆ لێپرسینەوە

- لە ٧ی ئایاری ئەمساڵدا، گرووپی کاری داکۆکیکاریی تایبەت بە C4JR لە شاریا کۆبوونەوە، ئەمەش بە مەبەستی پلاندانان بۆ دەیەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییان و ئەو تاوانانەی بەرانبەر کۆمەڵگەکانی دیکە ئەنجام دراون. ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، لە ناویاندا دامەزراوەی سید ، یەزدا، هاوار-هێڵپ، ماڵی پێکەوەژیان، ڕێکخراوی دونیایەکی باشتر، دەزگای یەزیدی ئازاد، ڕێکخروی گوڵی لۆتوس، ڕێکخراوی فەریدەی جیهانی، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، ڕێکخراوی داد بۆ مافی کەمینەکان، داک ، لەگەڵ دەستپێشخەریی نادیە، بیروبۆچوونیان ئاڵوگۆڕ کرد و بە وردتر باسی داواکارییەکانی ڕزگاربووانیان کرد، کە لە ڕاوێژکارییەکانی ئەم دواییەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە کۆیان کردبوونەوە. ئەندامانی هاوپەیمانییەکە بیرۆکەکانیان لەسەر هەڵمەتەکە و پلانەکانی کارکردن و ستراتیژەکانی بانگەشەکردن خستە بەر باس، هەروەها لەسەر دروستکردنی هاشتاگێک بۆ هەڵمەتی بانگەشەکردنەکە دوان. پێش ساڵیادی ٣ی ئاب، هاوپەیمانییەکە ڕاپۆرتێکی هاوبەش لەسەر داواکارییەکانی ڕزگاربووان بڵاودەکاتەوە و ئەندامان دەست دەکەن بە کارکردن لەسەر هەڵمەتەکانیان کە پەیوەندییان بە هەر یەکێک لەو داواکارییانەوە هەیە. چاوەڕوانی زانیاری زیاتر بن! سوپاس بۆ ئەندامانمان بۆ پابەندبوون و هاوکارییان.



گروپی کاری داکۆکیکاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە ئۆفیسی ڕێکخراوی داکلا شاریە کۆبوونەوە بۆ نەخشەدانان بۆ هەڵمەتی . ا داواکارییەکەی هاوپەیمانییەکە، 10 ساڵ دوای جینۆسایدی داعش

## هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە

- لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا، دوایین ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێ بڵاو کرایەوە. ڕاپۆرتەکە دەستخۆشی لەو پێشکەوتنانە دەکات کە لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا بەدەست هاتوون بەڵام داوا لە حکومەتی عێراق دەکات "چوارچێوەیەکی یاسایی ناوخۆیی بۆ لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە و دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، لەنێویاندا توندوتیژی سێکسی" دابنێت. تەواوی ڕاپۆرتەکە بە لەم بەستەرەی خوارەوەدا بخوێنەرەوە: https://digitallibrary.un.org/record/4044629?ln=en&v=pdf.

- لە ٩ی ئایاردا، گروپی کاری دادپەروەریی تاوانکاری تایبەت بە C4JR میوانداریی چالاکییەکی ناوخۆیی پرسیار و وەڵامیان بە ئۆنلاین کرد بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر وتارێکی هەڵوێستی ئەم دواییەی C4JR سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە ئەرکی یونیتاد لە عێراق. کۆبوونەوەکە دەرفەتێکی دا بە ئەندامانی C4JR و ئەوانەش کە بەشدارن لە کارەکانی C4JR دا یان ئەو کارانە کاریگەرییان لەسەریان هەیە بۆ ئەوەی پرسیار لەبارەی بە پرۆسەی کۆتاییهێنان بە یونیتاد بکەن و گفتوگۆ بکەن لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ پێشخستنی دادپەروەری و لێپرسینەوە. لەم بەستەرەی خوارەوەدا وتاری هەڵوێستی C4JR بخوێنەرەوە: https://c4jr.org/1203202428508. بۆ ئاگاداربوون لە کارەکانی تری ئەندامانی C4JR، فۆڵۆوی پەڕەی تویتەرەکەی C4JR بکە لە https://x.com/c4jrorg.

- لە ١٣ی ئایاردا، دەزگای شەهیدان دەستی کرد بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی 'بیری عەلو عەنتەر' لە ناوچەی ئەلعەیازییەی تەلعەفەر. دوابەدوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، پرۆسەی دەرهێنان و ناسینەوەی تەرمەکان لە شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکە بە سەرپەرشتیی ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران بۆ مافەکانی مرۆڤ و بە هاوکاریی بەشی پزیشکیی دادوەری و تیمی پسپۆڕی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی یونیتاد ئەنجام دەدرێت. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی پەڕەی فەرمیی دەزگای شەهیدان بکەن لە فەیسبوک لە ڕێگەی ئەم بەستەرەی خوارەوە: https://www.facebook.com/MASS.GRAVES.2017.

- لە ١٤ی ئایاردا، C4JR ڕاپۆرتی خۆی بۆ ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئەشکەنجەدان و مامەڵە یان سزای دیکەی دڕندانە و نامرۆڤانە یان شکۆشکێنانە بڵاو کردەوە. ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن دەزگای ژیانەوە ئامادەکراوە، بە وەرگرتنی زانیاری تایبەت لە گروپی کاری ڕاهێنانەوەی تایبەت بە C4JR، ڕاپۆرتەکە تێڕوانینێکی گشتی دەخاتە ڕوو سەبارەت بە تاوانەکانی ئەشکەنجەی سێکسی لە کاتی جەنگ و ململانێی چەکداریدا لە عێراق، بە جەختخستنەسەر تاوانکارییەکانی داعش. ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر کاریگەریی توندوتیژیی سێکسی پەیوەست بە ململانێ لەسەر کۆمەڵگاکان، لەوانە ئێزدی، تورکمان، شەبەک، کاکەیی، مەسیحی، شیعە، سوننە و ئەوانی تر، هەروەها جەخت لەسەر پێویستیی بەپەلەی دادپەروەری و لێپرسینەوە و چاکسازی بۆ ڕزگاربووان دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، سکرتاریەتی C4JR و ڕێکخراوی یەزدا بەشدارییان کرد لە ڕاوێژکاریی ئۆنلاینی تایبەت بە

ڕاپۆرتدەری تایبەتی ئەشکەنجەدان لەگەڵ پسپۆڕان و پزیشکان لە ١٤-١٥ی ئایاردا ، کە تێیدا بەشداربووان بۆچوونی قووڵی خۆیان سەبارەت بە ڕاپۆرتی داهاتووی ئەشکەنجەی سێکسی لە کاتی جەنگدا پێشکەش کرد. ڕاپۆرتەکە لەم بەستەرەی خوارەوە بخوێنەرەوە:https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/05/C4JR-Submission-for-SRT-on-ISIL-Crimes-of-Sexual-Torture-in-Iraq.pdf.

- لە ٢٣ی ئایاردا، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی یەکێتی ئەوروپا دژی دەربازبوون لە سزا بۆ جینۆساید و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، C4JR میوانداریی چالاکییەکی گشتیی ئۆنلاینی کرد بۆ پێشکەشکردنی وتارێکی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە کۆتاییهاتنی ئەرکی یونیتاد لە عێراق بۆ ژمارەیەکی زۆرتر لە ئامادەبووان. چالاکییەکە لەلایەن جەهان پیتالوالا، بەرپرسی توێژینەوە و داکۆکیکردن لە سەنتەری جیهانیی بۆ بەرپرسیارێتی پاراستن، بەڕێوەچوو و پانێلێکی دیاری پێکهاتوو لە پسپۆڕانی لەخۆ گرتبوو. پێشکەشکارانی پانێلەکە بریتیبوون لە خانمە بارۆن هێلێنا کێنێدی، کە پارێزەرێکی سکۆتلەندییە و ئەندامی ئەنجومەنی لۆردەکانی پارتی کرێکارانە؛ حەسەن جەمیل، نوێنەری C4JR؛ ناتیا ناڤرۆزۆڤ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری یەزدا؛ ئانا پێرۆ لۆپیس، ڕاوێژکاری تایبەتی بە وەکالەت و سەرۆکی یونیتاد؛ د.دیندار زێباری، ڕێکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکیکاریی نێودەوڵەتی؛ شیرین خودێدا، ئەندامی تۆڕی ڕزگاربووانی ئێزدی (YSN)؛ سارا سەنبار، توێژەر لە ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ؛ دکتۆر ئیوێلینا ئۆچاب لە دامەزراوەی مافەکانی مرۆڤی تایبەت بە کۆمەڵەی پارێزەرانی نێودەوڵەتی؛ نیکۆلێت والدمان، ڕاوێژکاری باڵای قەیرانەکان لە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی؛ لەگەڵ نادین ڕینەر، پارێزەر لە ئۆفیسی ئەمەل کلۆنی. دەتوانن تۆماری ئیڤێنتەکە لەگەڵ لاپەڕەی دەرئەنجامی گفتوگۆکە لە ماڵپەڕەکەماندا لە ڕێی ئەم بەستەرەوە ببینن https://c4jr.org/3005202429061.

- لە ٢٥ی ئایاردا، نوێنەرانی ڕێکخراوە ئەندامانی C4JR و ئەنجومەنی ڕزگاربووانی C4JR ڕاهێنانێکی ٥ ڕۆژەیان لەسەر بەشداریکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژی دژی ژنان و کچان تەواو کرد. ڕاهێنانەکە لە لایەن دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ و C4JRەوە ڕێک خرابوو و لە ماوەی دوو کۆتایی هەفتەدا لە دهۆک بەڕێوەچوو. مەنهەجی ڕاهێنانەکە لەسەر بنەمای ئامرازە نوێیەکەی C4JR بوو بۆ بەشداریکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووان کە لەلایەن ڕاوێژکاری C4JR 'شێریزان مینوالا'وە پەرەی پێدراوە، لەگەڵ بەشدارییەکانی یوسرا ئەلکەیلانی، ڕاهێنەری بەرنامەسازیی خۆڕاگری و چارەسەرکاری دەروونی لە سەنتەری قوربانیانی ئەشکەنجە.



نوێنەرانی ڕێکخراوە ئەندامەکانی C4JR بەشداری لە ڕاهێنانی ڕاهێنەراندا دەکەن لە دهۆک سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی.

## ئاستەنگەکان

هەر هەواڵنامەیەک تیشک دەخاتە سەر ئاستەنگێک یان زیاتر لەو ئاستەنگانەی لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا دێنە بەردەم ڕزگاربووان یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە. لەم ژمارەیەدا، C4JR سەرنج دەخاتە سەر پێشهاتە پەیوەندیدارەکان بەو ئاستەنگە نوێیانەی تایبەتن بە داواکردنی ئەو بەڵگانەی لەلایەن لیژنەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیەوە داوا دەکرێن، هەروەها پێویستی بۆ ڕوونکردنەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکە و لیژنەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدییەوە سەبارەت بە چۆنیەتی دیاریکردنی مەرجەکانی بەڵگە.

بەپێی ئەو ڕێنماییانەی ئێستا لە بروشورەکەی بەڕێوەبەرایەتییەکەدا هاتوون، داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەبێت دوو جۆری سەرەکی بەڵگەنامە پێشکەش بکەن: ناسنامەیەک و کاغەزی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی داواکارێک لێکۆڵینەوەی تاوانکاری لە دژی داعش دەستپێکردووە. ئەو بەڵگەنامانەی تر کە ئەگەر بەردەست بن دەتوانرێت لەگەڵ داواکارییەکەدا پێشکەش بکرێن، بریتین لە:

- وتەکانی سێ شایەتحاڵ لە سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی (لەلایەن کاتب عەدلەوە پشتڕاست کرابێتەوە)؛
- ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن لیژنە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە بەناوبانگەکانەوە کە پشتگیری لە ڕزگاربووان دەکەن، دەرچوون و پشتڕاست کراونەتەوە؛
- ئەو بەڵگەنامانە یان کاغەزانەی تایبەتن بە داواکار و لەلایەن داعشەوە دەرکراون؛
- نامە فەرمییەکانی دەزگا ئەمنییەکان کە ڕاستی هەڵهاتنی داواکار دەسەلمێنن؛
- نووسراوی فەرمی کە لەلایەن فەرمانگە حکومییەکان یان دامەزراوەکانەوە دەرچووە و ڕاستی ڕزگارکردنی داواکار دەسەلمێنن.

لیژنەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی دەتوانێت داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ داواکارێکی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بکات ئەگەر ئەو داواکارە بەڵگەی پێویستی نەبێت، یان ناڕێکیی و یەکنەهاتنەوەی زۆر لە داواکارییەکەیدا هەبێت، یان ئەگەر داواکارێک کەمتر لە مانگێک لە دیلیدا بووبێت. لە کاتێکدا لە بروشورەکەی بەڕێوەبەرایەتییەکەدا هاتووە کە سێ شایەتحاڵ پێویستە، بەڵام لەم دواییانەدا زانیاری دژ بەیەک دراوە بە داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، کە جەخت لەسەر پێویستیی ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم مەرجە دەکاتەوە.

ڕاوێژکارییەکانی C4JR لەگەڵ ئەو تاکانەی داواکاری یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدین ئاشکرای دەکەن کە ئەوان بارگرانییەکی زۆری سەلماندنیان لەسەرە، بەوەی لیژنەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی داوای ئیفادەی پشتڕاستکەرەوە لەلایەن دوو کەسەوە دەکات کە لە کاتی تاوانەکەدا لەگەڵ داواکارەکەدا ئامادەبووبن و/یان لە ڕێگەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە قەرەبوویان وەرگرتبێت. لیژنەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی داوای لە داواکارێک کردووە بەڵگەنامەیەکی دادگا بەدەست بهێنێت کە پشتڕاستی بکاتەوە کە دوو ئیفادەی دوو شایەتحاڵی لە سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی دەستەبەر کردووە کە چیرۆکەکەی ئەم پشتڕاست دەکەنەوە. ئەم داواکارییە قورسە بۆ ئەو داواکارانەی کە پێشتر سکاڵای تاوانکارییان لە دادگا تۆمار کردووە. ئەم ستانداردە بەرزەی سەلماندن دەتوانرێت بە نەگونجاو هەژمار بکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە داوا لە داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەکرێت شایەتحاڵی پێشێلکارییە گەورەکانی مافەکانی مرۆڤ بخەنەڕوو، وەک کوشتنی بەکۆمەڵ و ڕفاندن، کە دەتوانێت ببێتە هۆی زەبری دەروونی بۆ شایەتحاڵەکان. دوایین ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە توندوتیژیی سێکسی پەیوەست بە ململانێ داوای لابردنی بەڵگەنامەی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری دەکات وەک مەرجێکی بەڵگەیی بۆ پرۆسەی داواکاریی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی، ئەم داواکارییەش هاوشێوەی ئەو داواکارییانەی ترە کە لەلایەن زۆرێک لە ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە کراوە- لەنێویاندا هیومان رایتس ووچ، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، دەستپێشخەریی نادیە، سندوقی جیهانی ڕزگاربووان ، کە C4JR واژۆی لەسەر هەموویان کردووە. ڕاپۆرتەکەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی ئەوەی دەربڕیوە کە مەرجی سکاڵای تاوانکاری نەک تەنیا پێچەوانەی پرۆسەی یاسایی دەرەوەی دادگایە بەڵکو دژی "باشترین پەیڕەوەکانە لە... بەرنامە کارگێڕییەکانی قەرەبووکردنەوەدا کە پێویستییان بە ستانداردی تایبەتی سەلماندن هەیە بۆ توندوتیژیی سێکسیی پەیوەست بە ململانێ و گرووپە بەرشکستەکانی تر لە ڕزگاربووان وەک منداڵان، کە ئەو شێوازەیان لەگەڵدا پەیڕەو دەکرێت کە گریمانەکان لەسەر بنەمای ڕێچکەکانی توندوتیژی و ڕاستییە جێگیرکراوەکانی تر پشتڕاست دەکاتەوە ."

وەک لە مادەی ٨.١ی پەیڕەوی ناوخۆی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا هاتووە، لیژنەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی دەتوانێت داواکارییەکانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بە داواکردنی لێدوانی گەواهیدەر پشتڕاست بکاتەوە، کە لێدوانەکەی لە ڕێی بەڵگەوە پشتڕاست کرابێتەوە یان پەنا بباتە بەر سەلماندنی بەڵگەکان وەک لە یاسای سەلماندنی ژمارە ١٠٧ی ساڵی ١٩٧٩دا هاتووە. بەڵام بەپێی برگەی ٢ی هەمان مادە، دەبێت هەموو بەڵگە فەرمییەکان و بەشداریکردنی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان تەواو بکرێن پێش ئەوەی پەنا بۆ سەلماندنی بەڵگەکان ببرێت. بۆیە، شەففافیەت و ڕوونی پێویستە لەسەر بابەتی داواکارییەکەی لیژنەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بۆ شایەتحاڵ، لەوانەش دامەزراندنی ستانداردێک کە لە سەرانسەری هەموو کەیسەکاندا کارپێکراو بێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بەپێی یاسا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

# هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
# ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ لە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەدایت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمانن و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: https://ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=6ARuIcl4gYU&ab_channel=IOMIRAQ .
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیایی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=QfoDfQWwErE&ab_channel=IOMIRAQ

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەش کردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت**

. دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە بێت:
https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514

## ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) بناسە:

لە هەر هەواڵنامەیەکدا، تیشک دەخەینە سەر کارەکانی دوو ڕێکخراوی ئەندامی هاوپەیمانییەکە، کە کاری پەیوەست بە یاسا ی ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی ئەنجام دەدەن. هەروەها زانیاریی پێویست لەسەر شوێن و چۆنێتی پەیوەندیکردن پێیانەوە دەخەینە ڕوو.

### هاوار . هێڵپ

هاوار.هێڵپ ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤە کە بەشدارە لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بەردەوام و خۆڕاگر لە عێراقدا. پرۆژەی 'گەڕانەوە بۆ ژیان'ی ڕێکخراوی هاوار پشتگیری لە ژنان و کچان و خێزانە ئاوارەبووەکانی ناوخۆ دەکات کە لە شەڕ و وێرانکاری و جینۆساید ڕزگاریان بووە تا ژیانێکی سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەر بنیات بنێن. ڕێکخراوەکە لە سەنتەرەکانی 'گەڕانەوە بۆ ژیان'، کە دەکەونە کەمپی شاریا و کەمپی قادیە لە پارێزگای دهۆک، خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن و شوێنێکی سەلامەت بۆ ژنانی هەموو ئایینەکان دابین دەکەن بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەزموونە زەبربەخشەکان و فێربوونی کارامەیی نوێ لە ڕێگەی بنیاتنانی تواناکان و ڕاهێنانی پیشەییەوە، هەروەها بەهێزکردنی ئەزموونەکانی دابینکردنی بژێوی ژیان و کارکردن، ئەمانەش لە ڕێی دابینکردنی:

- خولی خوێندەواری، کۆمپیوتەر، زمان، هەروەها پیشەسازی داهێنەرانە بە شێوەی هەفتانە
- وۆرک شۆپی پەروەردەیی و خودچاودێریکردن سەبارەت بە مافەکانی ژنان، کاریگەریی جێندەریی سۆشیال میدیا لەسەر کۆمەڵگە، بەڕێوەبردنی کات، توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز، تەنگژەی دوای زەبری دەروونی و زەینئامادەیی (mindfulness)
- ڕاوێژکاریی یاسایی سەبارەت بە چۆنیەتی دەستپێکردنی داواکارییەکانی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی، ڕێنماییکردن بە درێژایی پرۆسەی داواکارییەکە، لەگەڵ هاوکاریکردن بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی پزیشکی؛
- دانیشتنەکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی کە لە سەنتەرەکانی 'گەڕانەوە بۆ ژیان' لە کەمپی شاریا و قادیە بەڕێوە دەچن؛
- چارەسەری دەروونیی هەفتانە، لەوانەش چارەسەری تاکەکەسی و چارەسەر بە گرووپ؛
- ڕێنمایی یاسایی بۆ ئەو ژن و کچانەی تووشی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز بوون بۆ یارمەتیدانی دەستڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییەکانی پشتگیریی تەندروستیی دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتی.

ڕزگاربووان دەتوانن لە ڕێگەی خاڵی ناوەندیی ڕێکخراوەکەوە، نازیک بەرەکات موراد، پەیوەندی بە هاواروە بکەن بەپێی ئەم زانیارییانەی لە خوارەوە هاتوون:

ئیمەیڵ: nazik.murad@hawar.help

ژمارەی تەلفۆن: 9753 959 785 964+(زەین)

(کۆرەک) 1401 746 751 964+

### ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاردەکات بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە ڕێگەی بەهێزکردنی متمانە و هاوکاری نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەوە. دیدگای ڕێکخراوەکە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز و دیموکراسی و هەمەچەشنە کە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بۆ هەمووان دەستەبەر بکات و بەهاکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هاووڵاتیبوون و ناتوندوتیژی بەرەوپێش ببات و توندڕەوی بە هەموو شێوەکانیەوە ڕەت بکاتەوە. وەک بەشێک لە ستراتیژەکەی، ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە ڕێگەی بەرنامەی دادپەروەریی ئینتقالییەوە پشتگیری لە ڕزگاربووان دەکات لە ڕێگەی:

- پەروەدان بە هەڵمەتەکانی داکۆکیکردن لەسەر بنەمای بەڵگە کە ئامانجیان گەیاندنی دەنگی قوربانی و ڕزگاربووە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتە؛
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەبارەت بە مافەکانی ڕزگاربووان، ئاشتەوایی، دۆزینەوەی ڕاستییەکان و قەرەبووکردنەوە؛
- ئەنجامدانی چالاکییەکانی توێژینەوە و بەڵگەنامەسازی و چیرۆکگێڕانەوە و یادەوەری.

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ئێستا سەرقاڵە بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر گەڕانەوەی سەلامەتی ڕزگاربووانی ئێزدی بۆ شنگال کە ٣ی ئابی ئەمساڵ لە ساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییەکاندا بڵاو دەبێتەوە.

ڕزگاربووان دەتوانن بەپێی ئەم زانیارییانەی خوارەوە پەیوەندی بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادییەوە بکەن:

تەلەفۆن: 771 447 0207 964+

ئیمەیڵ pfomail@pfo-ku.org

# دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR)هاوپەیمانییەکە لەنێوان ٣٣ ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو، هەروەها بۆ بەشدارییپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر، لێرەوە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە: www.c4jr.org

@C4JRorg

C4JR updates
WhatsApp group

IOM
UN MIGRATION

ئەم بڵاوکراوەیە لە ڕێگەی ئەو پشتگیرییەوە هاتووەتە کایەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پێشکەش کراوە، بەپێی مەرجەکانی حکومەتی هۆڵەندا. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون، تایبەتن بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق بن.